# شەونم

هۆنراوەی (26)

سزد كه از همەدلبران ستانی باج

رەوايە گەر لە هەموو دڵبەران بسێنی باج
کە بۆ سەری هەموو جوانانی عالەمی وەک تاج
دووو چاوی مەستتە شێواندی مڵکی تورکستان
بە چينی زولفتە ماچين و هيند داويە خەراج
لە تاری مووتەوە تارێ درا بەشی شەوەزەنگ
لە نووری رووتەوە رۆژ نووری دابەشی بە هەراج
دڵم نەخۆشی ئەوينە قەتم شيفا نايە
لە تۆوە ژانی دڵی من ئەگەر نەگا بە عيلاج
بە ئاوی خدری بەقا داوە خونچەکەی دەمی تۆ
لە قەندی لێوتەوە نەيما نەباتی ميسر رەواج
تۆخوا لەبەر چيە دەشکێنی گيانە بەو دڵی سەنگ
دڵم، کە ناسکە وەکوو شووشەيەک لە حاندی ساج
چ سەيرە ئەو لەشی بەفرين و نێو قەدی وەک موور
بە تاڵە موويەکی بەستووتە چەشنی قوببەی عاج
دەمت وەک ئاوی ژيانە ، خەتت وەکوو خدرە
کەمەر وەکوو مووە، قەد سەروە،سينەکەت وەک عاج
خەياڵی تۆ لەسەری حافزا دوو ئاواتە
کە هەر گەدای دەری تۆ بام و هەر بە تۆ ئاتاج

حافزی حەقيقی